
شیعری عیرفانی

# کۆدی خوداپەرستی



بەکر پشدەری

2018

# کۆدی خوداپەرستی

شیعری عیرفانی

بەکر پشدەری

2018

ناوی کتێب: کۆدی خوداپەرستی
ناوی نووسەر: بەکر پشدەری
ساڵ و شوێنی چاپ: 2018– سلێمانی
تیراژ:1000 دانە
دیزاین: کیکۆ دیزاین
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
چاپ: چاپەمەنی تەژنە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (1276)ی ساڵی (2014)ی پێدراوە .

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ خاوەنەکەی

* لەسەر ئەرکی دایکی خوالێخۆشبووم (عیصمەت حاجی کەریم) چاپکراوە، ڕۆحی شاد بێت و خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی بە حەج و پاداشتی خێری نەبڕاوە بۆی بنووسێت.

## ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

*بەرۆحی پاکی دایکی زێدە ئازیزم، کە هەمیشە وێنەکەی لەناو خەوو خەیاڵ و چاومدا ئامادەیی هەیە.

*بەهەمووو مرۆڤێکی ژیاندۆست و مرۆڤدۆست و راستگۆ.

* بەو مرۆڤانەی باوەڕو خاک بە خۆشەویستی خۆیان ئەزانن.

بەکر پشدەری

خزمەتکاری وێژەی کوردی

# بەناوی پەروەردگاری بەرزوبێ هاوتا

---

گومانی تیادانییە، کەلایەنێکی هەڵقوڵاوی بەهرەی شیعری.لەباوەڕەوەسەرچاوەدەگرێت، چونکە شاعیران زیاتر خونچەی ئەو جۆرە گوڵانەی شیعر لەدڵیاندا دەکرێنەوە، کە خۆشەویستییان بۆیان هەیە.من هیچ وشەیەك بەناوی شیعرەوە ناخەمە سەر کاغەز.ئەگەر لەدڵ و دەروون ومێشکمدا خۆی بەشیعر ئاڵودە نەکردبێت، هەربۆیە شیعر زمانی ئاسمانییەوشاعیری راستە قینە تەنها پەیامبەرێکەو هیچی تر.بەهێزو لاوازی و ستایلی شیعرەکە لەمتیۆدوفۆرم وناوەڕۆکدا پابەندە بەئاستی ڕۆشنبیری شاعیرەکەوە ئەم چوارینانەو چەنددەقێکی شیعری کەلەژێرناوی(کۆدی خواپەرستیدا) بەرچاوت دەکەون زۆربەیان شیعری عیرفانین و لەباوەڕی تەواو بەبەدیهێنەری هەمو گەردون

ومەخلوقاتەکەیەوە هاتونەتە بوون. خۆیان پێنوسیان پێ هەڵگرتووم وبەبێ جیاوازی وهیچ مەزهەب و ئاین و گەلێك، تەنها بۆناساندنی دەسەلاتەکانی خودای گەورەیە بەئادە میزاد لەهەر جێگەو ولاتێك بن نوسراون. ئیتر سوریالیزمی بن یان سیمبولی بن وەیان سەر بەهەر قوتابخانەیەکی شیعری بن لەکۆنەوە تائەمڕۆگرینگ ئەوەیە بۆئاستی تاك بەتاکی مرۆڤایەتی نوسراون بەگشتی. پربەدڵیش یەقینم وایە، ئەوەی کەخاڵقی خۆی نەپەرستی و نەیناسێت لای من دەچێتە خانەی گومانەوە ئەگەر بڵێت نیشتیمان پەروەرم.یان شۆرشگێرم چونکە هەمووکارێك کەس خاوەنی نییە، ئەگەر ویستی خواوەند ڕێکی نەخات. خوا پەنای هەمومان بدات و پاداشتی چاکەکارانیش بداتەوە، بۆیە پێویستە هەمورمان بڵێین:

مـن پـردی مرۆڤی چاکم
لـەخراپە کار بی باکم
بەردی سەردلی ئەوکەسەم
نەیارە بەخوداو خاکم

1

هەمووی ستایش و سوژدەیە بۆخوا
پێشکەشی ئەکەم بەمرۆڤایەتی
تاهیچ کەس بەشی کەسی ترنەخوا
گشتی هی خوایە هەرچی هەیەتی

2

هەوری ژان گرتوم بەئەمری خوادێم
باران ئەرژێنم بەراو و دێم
چەخماخەم کاتێ بروسکەی لێ دا
هێز نییە زات کا دەست بێنێتەرێم

3

سەیری دەستکردی خواکەی ئەیبینی
پێکهاتەی کەون و چەندەهادینی
ئەوەی نابیستری هەستی پێ ئەکرێ
جوان و ناشیرین تالێ و شیرینی

4

دڵ دەرگای بۆخوا لەسەرپشت دانا
تاپڕ پڕیکا لەخۆشەویستی
خوا ڕازو نیازی پێویستی بۆنارد
لەو حیکمەتانەی کەبۆخۆی ویستی

5

بەخشندەو مەزن ڕۆشن کەی هەستم
بتوانم زیاتر تۆ بپەرستم
پەل بەست کەم پەلی بی باوەڕەکان
مردن نەیبەستێ پەل و مەبەستم

6

خوایە هێز بدەی بە بیرو هۆشم
هەر بۆ یەکتایی تۆ تێ بکۆشم
هەزار ساڵ بژیم تەندروست باش بم
جێی ڕەزابونت نەبم نەخۆشم

7

قەت پەروەردگارفەرامۆش ناکەم
نەیار بەدینی خودا خۆش ناکەم
لەسەر ڕێبازی دژ بەیەزدانم
منالەکانم کۆک وگۆش ناکەم

8

پەروەردگارم هەر تۆ سەرداری
تاکە ڕێکخەری گشت کاروباری
کەون بەیاسای تۆ دێت و دەڕوا
گومانی ناوێ خۆت ئەندازیاری

9

هەرچی تۆ هەتە خوا پێی بەخشیوی
سەروەتی دونیاو تەندروستی باش
پێویستە دەستی نزات بەرز بێ
لوتت بەرز نەبێ بەماڵ و معاش

※※※ ※※※

10

خوایە لەو دونیا بەدناوم نەکەی
ڕەنج بەخەسارو داماوم نەکەی
هەرتۆی بەتەنها کەسی بێ کەسان
لەبەزەیی خۆت گومناوم نەکەی

11

هـێزم بـدەرێ پــەروەردگـارم
هێندە وشیاربم ڕاست بکەم کارم
بـا کاتێـک وەستام لەڕۆژی حەشرا
ڕێـک ڕابووەستــم لارنەبێ بارم

12

تۆنزاو سوژدە م وەرگرە خـوایە
لای من هەربۆتۆ شـوژدە ڕەوایـە
بەجۆرێـک دلمت ڕۆشن کـردووە
هەربەندەی تۆبم پــەیمانم وایە

13

هەیە سەدەیەک ئەژی لە ژیانا
هەیە بۆیەک ڕۆژ ژیانی لەگیانا
حیکمەتی خوایە جیاوازی تەمەن
شەو ئەبێ ڕاکا لەبەر بەیانا

14

بیرم کردەوە لەژین چۆن ژیاوم
خۆشیەک نەبوو بێتە بەرچاوم
بۆنکروز دەهات لەجەرگ ودلم
زانیم بەرەزای خوایە کەماوم

15

وێنەی مەرگی خۆم هاتە بەرچاوم
خۆم بەخۆم ئەوت ئای کەداوماوم
قورئان پێی وتم تادەمری دیل بی
بمری باشترە قەت نەڵێی ماوم

16

ناکرێ خالقی خۆت لەیاد چوبێ
بزمار بە عەقلی کامڵتا چووبێ
ئەگەر وەهابی تا ماوی ئەڵێم
بگری بۆکەسێک وەک خۆت تیاچووبێ

17

ڕام وایـە مەرگـم نـزیـک بۆتـەوە
هـەرچی خۆشیە لێم کۆبۆتەوە
بـا سەرم هەردەم لە سوژدەدابێ
خوایە پەیوەستم کەی بەخۆتـەوە

18

باشی ئەهێنا هـەموو کـات بـەختم
سوژدەم نەئەبرد ئەموت سەرسەختـم
لـەناکاو هەرچیم هـەبوو بەباچـوو
نـەبوو مامەوە لـەپارەی نـەختـم

19

زۆرن ئــەوانــەی هــەردێن وئەچــن
غــەرقــی تــاوان و پــارەو ڕوی کــچن
ئــەو ساتــەی نەفخی سوریش لێ دەدرێ
نــاتــوانن نــەمرن بۆ دۆزەخ نــەچــن

20

بــەسەر مرۆڤــدا ناکەم شـانازی
ئــەمەوێ خودا لەخۆم کەم رازی
مرۆڤــایەتی چی بۆدینەکــەم
پێویست بێ ئەبێ هەڵگرم نازی

21

هەمیشە مردن وا لەبەر چاومە
لێم نابێتەوە هەر ئەڵێی ناومە
تەمەن لەنەوەد نزیک بۆتەوە
دەمەوێ بمرم ژیان ئەڵێ ماومە

22

مرۆڤایەتی هەروا هاتووە
سەوزو گەشاوە وەک داری تووە
هەندێکیان زڕو هەندێک بەردارن
ئیماندار بەرو زڕبێ بەربووە

23

قــەت ناڵێم گەورەو سەرمایە دارم
پــیاوی بــەهێزی  ناوگوندو شارم
تــاپۆی جــیهانم  لــە گیرفانــدابێ
هەرزەبوونی خوام مەرگێک قەرزارم

***		***

24

زەنگیینە چەندین کۆشکی کریوە
بە پەرژین دەیان بــاخی تەنیــوە
کەمرد یەکسانە لەگەڵ نەدارێک
قەبری هەریەکیان دومەترو نیـوە

25

لە نیوەشەودا لەگەڵ خۆم ئەدوام
وەک دار لەزەوی خەیاڵا ڕووام
هەستم کرد ژیان سوژدەی تیانەبێ
هەر قاقایەکی پوچە بۆیە وام

***    ***

26

تەمەن بەرەو سەر هەنگاوی ناوە
لەهزرو بینین هاتومە دواوە
ئەوەی کەمنی دڵخۆش کردووە
خوا پەرستیمە وەکو خۆی ماوە

27

ئـەو ڕۆژەی ئەمرم ئەزانم کەدێن
لەدەوری جەستەم وەک چناردەڕوێن
دادەم بــە پولێک بێ سودە گریان
ڕۆژێک هەرئەبێ ئێوەش هەڵوەرێن

28

بۆ رەزابونی خوای خـۆم ئەنوسم
نـارازی نـابم لـەچـارە نوسم
قەڵەم بەنوسین زکری خوا نـەکا
خاوەن دڵێکی پەست و مەئیوسم

29

جەستە ساغی یان نەخۆشی
بـۆنان و  مان تیێدەکۆشی
ژیـــان چیلێکی زۆر جوانە
خـواپێیداوی جوان بیدۆشی

30

بـە ئارەزوی دڵ خـانوی دروست کـرد
یەک شەو تیا خەوت و لای بەیانی مرد
پـەپولـەی ئەجەل هـەردەم بـێدارە
هـاکـا ئـەستێرەی تۆشی ئـاوا کـرد

31

نەفرەت لەژینی بێ دینی ئەکەم
خۆم بەکەسێکی ئاینی ئەکەم
بەرگێکی پاک و بۆنخۆش ئەپۆشم
بەهەشت بەجەستەم پەرژینی ئەکەم

32

پێم بلێ بۆچی ئەژیت لەژیانا
تا دوا هەناسەت ماوە لەگیانا
بۆکڕنوش نابەی بۆئەویەزدانەی
سەربەرزی کردووی لەنیشتیمانا

33

ئـەشی سـبـەینیٚ ئیـسقانەکانم
بــبن بـەمیٚزو مەیخانەو ئەشکەوت
خـۆزگە دەبـوونە پردی ئەوقاچەی
بەسەرما ئەڕۆی بۆ نویٚژی مزگەوت

■■■ ■■■

34

مـن خـاوەنیٚکم هەیە خـودایـە
هیچ کەس بیٚ خاوەن نەهاتە کایـە
هیٚندە ڕورەشـم زات ناکەم بـڕۆم
ڕۆشتن دۆزەخە بەبیٚ دەست مـایە

35

گەردون بەو هەموو یاسا جوانەوە
بە وردەکای سفرەو خوانەوە
کام تەکنە لۆژیای دیل نەکردووە
ئەوانەی بڕان هەموی ژیانەوە

*** ***

36

مردن بۆ مرۆڤ سەرفرازییە
گەرباوەڕ داربێ خوا لێی رازییە
گوێم لەقور ئانە زۆرپاکو ڕەوان
ئەڵێ لەو دونیا باری قازییە

37

سبەینێ کفنێک دەکرێتە بەرم
گیرفانی نییە بۆ پارەکانم
خاک و قوڕو بەرد تاجن لەسەرم
کێشانەی ئەکەن کردارەکانم

*** ***

38

مالی دونیا چلکی دەسە
هەر پایەو هەواو هەوەسە
لەودونیا هەمووی بێ سودە
تەنها ڕەحمی خوات بێ بەسە

39

بەهەشت و دۆزەخ دو پێچەوانەن
سزاو پاداشتی هەموو ئەوانەن
هەندێکیان دیلی یاسای خودابوون
هەندێکیان ئێستاش مەستی شەوانەن

40

چرایەک هەڵکەم بۆتاری ڕێگا
زەمانێک مانگ وخۆریش نامێنن
خاک بەدامانم بۆئەو ڕۆژگارەی
بای مەرگ گەڵای ژین ئەوە ڕێنن

41

خــودا ژیــانی بۆ نــان دانــاوە
نــانیش ژیــانی بــە ئێمــە داوە
ئەوهێزەی لەخاک نان دەر دەهێنێ
هەر لەو خاکە وە ئێمــەی هێناوە

42

تەمەنێک ڕەنجە بەژیان پێش کەشە
جەستەی ماندووە وئەو دڵەی هەشە
زیــندەوەری زۆر بە فــەرمانی خوا
قوتیان خواردنی چاو گوێ و لەشە

43

مـەناڵە ژیـان خۆی پڕ نـاڵەیە
دواین هـەواریش ئا ئەم چاڵەیە
بەچاوی مەبەست چاوێک بگێڕە
شوێنی من وتۆو ئەو چاو کاڵەیە

*** ***

44

ڕەوتـەنییەکی سـەرابی ژینیـت
مە رگ لەکوێیە بۆچی نایبینیـت
ئەیوب پێت ئەڵێ پەلەی پێ ناوێ
دەبێت ماچی کـەیت دەمی برینت

45

چـەم بەرمزای خـوا ئەروا و ناوەستیٚ
خـوا فەرمان بدا دەریاش ئەیبە ستیٚ
مانگ وخۆر نەبن هەورو باران کوان؟
ئـەوان نەمیٚنن مەحشەر هەلدەستیٚ

46

ئـەرۆم تائەگەم بە بەخـششی خوا
خـەلوەت ئـەکیشم جەندم بۆ لووا
قـورئان ریٚبەری زۆر شـارە زامـە
هچ پرسیار ناکەم بلیٚم بەهەشت کوا

47

لـە ئاسمـانەوە خۆر هەڵدێ بۆمان
ڕۆشـن ئەکات ڕێی تاری ئاسۆمان
دەبـو شـەو ڕۆژ لە سوژدەدا بـین
ڕوبکـەینـە قیبلە ڕاستەکەی خۆمان

***    ***

48

ڕیبوارى ڕێگەی نەبڕاوەی شـەڕین
وەک لۆکەی ناو ئاو خراپ وتـەڕین
شـورەیی نییە سـەربازی خوابین
زۆر مان لەئاستی دڵ کوێروکـەڕین

49

لـە ڕۆژی مەحشەر هەمو ئەوەستـین
لە خزمەتی خوا ڕێک ڕیز ئەبەستین
هەندێک ڕوو سورو دڵخۆش و شادین
زۆریشمان ڕوورەش خەمۆک وپەستیین

50

ئەڵێن بەهەشتێک ئامادەیە بۆت
خـەرمانی کاری چاکەت ڕەوابێ
ڕەحمی خوام دەوێ نەک گڕی دۆزەخ
مادام لەودونیاش دادوەر خودابێ

51

یەزدان ڕازی کەم بەکرداری جوان
خۆم جوانتر ئەبم ئاغابم یان شوان
سەدان ساڵ بژیم ئەوکاتەهەردێ
بمرم و بڵێن کارەکانت کوان؟

52

نازیم ژیانیک ریایی تیابێ
دژی ئەو کەسەم دوژمنی خوابێ
بەو کردارانەم ئەگەم بەوتاجەی
لەناو گۆڕیشدا لەسەر سەرما بێ

53

ئەمشەو بە خەیاڵ لەبەهەشتا بوم
سێوە لاسورەی جوان لە مشتابوم
کەسێکان هێنا بۆ گڕی دۆزەخ
من تێشوی سوژدەم جوان لەپشتا بوم

*** ***

54

شنە بایەک دێ گیا ئەلەرزێنێ
ڕەشە بای خەزان گوڵ ئەومرێنێ
گیا لەزکری خوا لەنجەو لار ئەکا
خەزان فەرمانی ئەو بەجێ دێنێ

55

ئـالۆزە بـیرم نەڵێن شـێواوە
پـاکی مـردووە ئەویشی ماوە
باپیرانمان کوان چوونەکام دەرگا
خۆ ئەو دەرگایە هەر دانەخراوە

***    ***

56

دوانـزە ساڵان بـووم بە خەو دیـم بەچاو
پـێغمبـەرەکـەی خودای ڕاسـت خولقاو
شوان بوو حەوت مەڕی لای من بەجێهێشت
گـەورەبوم پێی دام حەوت کۆرپەی خۆشناو

57

سکالا ناکەم بۆ لەناوچوونم
پێویست بو بژیم ئەوەندەی بوونم
تاقیگەیەکەرۆژگار لای خودا
جیا دەکات کفرو ئیمانی ڕوونم

٭٭٭ ٭٭٭

58

بەکرەی تەمەنم گلۆر بۆتەوە
کراوەتەوە کۆنەبۆتەوە
خۆم وخاوەنم یەکتر ئەناسین
چیی ئەڵێی زیادە هەر لەخۆتەوە

59

هـاوار بەمـالم هـۆشم بەربادە
وەک گەلای خەزان کەوتوم لەجادە
پێش یەک هەناسە بەوچلەوەبووم
ئـاگـا دارنەکرام ببم ئامادە

٭٭٭ ٭٭٭

60

گـیرفان بەتاڵ بێ روح با خاوێن بێ
بـۆ ژیان چـاکەی تۆبا هـەوێن بێ
ئـەوەی کـــە ڕوحمان ئاسودە دەکا
تەنها (بەهەشتە) کە خەم ڕەوێن بێ

61

ئەوەی هەستی کرد کەتاوانبارە
ڕوو ڕەشی بەردەم خوای کردگارە
باشترین چەکی دەستی نزایە
تۆ بەی نەسوح کا زۆر بڕوادارە

*** ***

62

زەمین سفرەیە ڕازاوەتەوە
هەموو میوانی ئەوسفرەگەورەین
خانەخوێی سفرە پەروەردگارە
ئێمەش هەرگیزی پێچە بەدەورەین

64

خدر بە ئاوی ژیـان نـەمریوو
بۆ لیٚقەوماوان سـایەو کەپریوو
نەک وەکو پیری موغان کاتیٚ مرد
بۆناوچالیٚ مەرگ زۆر بیٚ سەبربوو

65

ئـەنوسم لەسەر ڕوپـەڕی خامە
بەوهیٚزەی کەوا هیٚزی لەلا مە
تـا بڕوادارو بـەخشندەو ژیربم
خـودا نەیاری سپلە و نەفامە

65

سەردارێک هەیە بەسەر سەرتەوە
ئادەمی کردووە بەدوو کەرتەوە
هەر لەو دوکەرتە نەزان و زانا
هاتنە سەر خەت وکەوتنە خەتەوە

***   ***

66

گەوجینە ومرن گوێ بگرن ساتێ
مەحشەر هەستاوە نەماوە کاتێ
گەرباران نەبێ خۆراک لەکوێ یە؟
کێ هەیە دەنکێ گەنمت بداتێ؟

67

هەتا بمێنین ئەبێ خەم نۆش کەین
ئاگری سەرمای خراپە خۆش کەین
کلیلی دەرگای ژیان خۆشییە
گەر کلیل نەبێ بامایە بۆش کەین

*** ***

68

مەبەستم نییە کەی و چۆن ئەمرم
گرینگ ئەوەیە ڕێگەی خوا بگرم
هیچ هێزێک نییە لام دا لەو ڕێیەی
(نمرەی )کردارمی تیادا وەر ئەگرم

69

باران بەشەستە بابێتە خوارێ
لافاو دارستان ببات بەجارێ
تاکە بڕیارەو تاپۆی باری یە
منی بەش مەینەت پێم ناکرێ کارێ

*** ***

70

ناتوانم بڵێم من پایە دارم
بەهێزو زەنگین پایەو سەردارم
منێک ڕوحی خۆم بەدەست خۆم نەبێ
گەر بێ باوڕبم زۆر لارەبارم

71

هاتمە شاری بوون ووتم ئەم بوونە
پزیشکی ژانی جەستەی زەبوونە
نەمزانی سەدساڵ تەمەن بەپولێک
دوا هەواری ژین شیوی تیاچوونە

72

منێک گۆش بکرێم بۆدەمی مردن
ئاسمان وزەوی وخۆرو ئاوم بێ
پێم بڵێ سودی ئەو هاوکێشە یە
بێ براوبم و دوایی ناوم بێ

73

خوا ی گەورە عەشقت داگیر کا بیرم
وەک لاو بێ سوژدەم هەرچەندە پیرم
لەسەر شانۆی ژیان هەردوعا خوازبم
لەسەر رێی ئیمان بشمرم میرم

74

بەفەرمانی خوا گەورە بووم هاتم
زۆر زوو لە نوێژو رۆژووراهاتم
ئومێدم وابوو رۆژگار رامە بۆم
نەمزانی ئەمرم چاوەڕێی کاتم

75

ئای چەند هەژارم لەئەقڵا کاکە
چەند ماندو بوونم لێ دا ئەچۆڕێ
بەیانی لەناو گۆڕدا دا ئەڕزێم
نازانم ژینم بەمەرگ ئەدۆڕێ

76

ژیان بۆهیچ کەس هەتا سەر ناڕوا
شێخی یان سۆفی پێم بکە بڕوا
ئەو گیایەی پایز زەردو لاوازە
بەهار سەوزو جوان کاتێک کەڕوا

77

مـیوانی ژیــنم گومانی ناویٚ
با وەک شۆڕەبی گەشی گویٚ ئاویٚ
ســەرم لـەسوژدە نەهیٚنمە دواوە
کەس نییە مردم بۆم بگری تاویٚ

ﷻﷻﷻ ﷻﷻﷻ

78

تــەمەن دامــەیە حەریفت مەرگە
داشــی تۆ چاو وگـویٚ ودلٚ و جەرگە
کــەداشــە هــارەی جوڵان کفنیٚکە
هەمویان ئەخوات کوا ئەگری بەرگە؟

79

مەرگ و ژین هەردوو دامە یان ئەکرد
ژیــن دڵ و ســەرو دووچاوی داکرد
مەرگــیش لە ڕیزێک کفنێکی دانا
داشــە هــاڕەبوو هەموویانی برد

*** ***

80

بۆ شــەڕ ئامادەم لە هەمووکاتێ
خــوا لێم ڕەنجــاوە هۆشــم ناداتێ
هێندە سەرە ڕۆو گەوج و سەرخۆشم
نــازانم ســبەی مەرگ دەم گاتێ

81

گەرویستم نۆش کەم بەردەوام بادەت
بچمە ناوکۆشکی بەرزی سەعادەت
باخەڵوەت کێش بم لەخانەی تۆدا
لێت بکڕم بەهەشت هەر بەعیبادەت

***	***

82

وەک پەلکە گیایەک زیکری خوا ئەکەم
نانوم تا بەیان هەر تەقوا ئەکەم
جوانی و سودی من کوا لەچیدایە
بەهەشت بەنەفسی خۆم ڕەوانەکەم

83

وەرن پــێکەوە بۆ خوا پەرستی
هەنگاو هەڵگرین لابەرین پەستی
درێــژی تەمەن دو مەترو نیوە
کێ هەیە کەمرد نەبێ پێویستی

* * *	* * *

84

مـنێک بۆمردن پەروەردە بکرێم
وێنەی نەمامێک بەسۆز ئاوبدرێم
یـەزدانی مەزن خۆی گەورەم بکا
بــەبێ باوەڕی بۆ حەشر بکرێم؟

85

ژیـــان پـەرژینی سنوردارەخۆی
مرۆڤ خزمەتچی پـەرژینـەبۆخۆی
جـوانترین داری ناو ئەو پـەرژینـە
بــەرەکەی نوێژو ڕۆژووە نەیخۆی

*** ***

86

پرسیم لەپیرێک تەمەن هەشتا ساڵ
خەرمانی ژینت چۆن شەن کرد خاڵە
وتــی زەمــانە بلقی ســەر ئاوە
بێ نوێژ خــەرمانی ژین دڕکو داڵە

87

ڕۆژێک دێت ئەرزێم لەدوتوێی قەبرا
دارو بەرد و خۆڵ بۆم نابنە برا
بێ بڕوا گۆڕی تاریک وتەنگە
بڕوا دارقەبری پڕە لە چرا

❖❖❖ ❖❖❖

88

بۆ ڕەزا بوونی خوای گەورەو تەنیا
خراپە گوڵ بێ ناژیم لەبنیا
سەربازی ڕێگەی ڕێبازی ڕاستم
ئای چەند سەروەرم لەهەردوودونیا

89

کــردیانە گەردن گیوی پالەوان
مەدالیای زێڕین لەجەنگەی شەڕا
بوو بە پەروینی ئاســمانی مێژو
چــونکە بە تانگۆ هەڵنە ئەپەڕا

90

بیــلالی نەبەز لەڕێی خودادا
مــلی هەزاران کافری بادا
دڵنیام تاجی سەری ئیسلامە
دلــێرە دەنگی لەدو دونیادا

91

مەی ئەخۆیتەوەخێڵ و خواردمڕۆی
لەدین گومرابووی هێندە سەرەڕۆی
خەیا م وسەعدی لەخاکدا ئەڵێن
سبەی لەگۆڕدا پڕ زۆڵی پەڕۆی

92

(کەزی )ت ناوەتە ژێرپاڵی سەرپۆش
تانگۆی ئەوروپاڵ کردووە فەرامۆش
ئەمڕۆ قورئانت ناوەتە سەر سەر
ئێستا دڵنیام ئەسما یەکی تۆش

93

تاهەناسەم بێ ڕێی دیــن بەرنادەم
گەر سەری شوشەی هەزارخەم بادەم
سەرچاوەی خۆشی هــەردو دونیایە
مل بۆسێدارەی عــەشقی ئامادەم

*** ***

94

لەناو سەنگەری قورئاندا دەڕۆیم
بێ بڕوا بەخوا ناکەم بـە هاوڕێم
پەرسوتاوێکی ڕێی پێغەمبــەرم
گەرومکو کێوی تور هەڵبوومرێـم

95

**ئای بۆئەوکاتەی ئەچمە گۆڕەوە**
**بەبەرگی سپی وسەری شۆڕەوە**
**تەمەنم فرۆشت بەئارەزوی دڵ**
**تازە وەک ماسی بووم بەتۆڕەوە**

*** ***

96

**تـــا ژینم هەبێ پێم خۆشە وابم**
**خزمەتچی ڕێگەی ڕێی پێشەوابم**
**بەڵکو بەدوریم لەگـــڕی دۆزەخ**
**لە لیـستی ڕەشا ناو نەنوسرابم**

97

وەک بیلال کەوتمە دوای بانگە وازت
زرینگایەوە گوێم بە ئاوازت
زانیم شایەنی قورئان دروستە
دڵم کردە جێی پیرۆزی ڕازت

*** ***

98

کێ لەدایک بوو دیسان مردەوە
بەبێ جیاوازی رەنگ و کردەوە
وەیل بۆ ئەو کەسەی نامەی کرداری
زۆرچاک بە چاکە پڕ نەکردەوە

99

کاسەی پڕ باوەڕ بە خودام ئەوێ
لەبێ باوەڕی چیم دەست ئەکەوێ
شیرینترین کات لای من کاتێکە
خەلوەت ئەکێشم بۆخودا شەوێ

100

سوژدەی خواپەرست ئاشکراو ونن
لەلای بێ باوەڕ زۆرتــرش وتونن
بڕوادار پەری و بــەهەشتی ئەوێ
بێ بڕواگیــژی زەوی و ئالتونن

101

بەرێکی وپاکی جوان ڕائەوەستم
بەرامبەر قیبلە نوێژ دائەبەستم
لەگەڵ خوای خۆما گفتۆ گۆ ئەکەم
سوژدەیە بۆئەو هەمو مەبەستم

*** ***

102

یەقینم وایە خودا سەروەرە
تاکە خالقی گشتی بونەوەرە
مەرگ ومان هەموی بەدەست خۆیەتی
هەموو ژیان هەلە سوژدەی بۆبەرە

103

زۆر کـــەسمان بینی بەهێزو زانـا
لەڕێی نیشتیمان سەری خۆی دانـا
کـۆتایی ڕێگەی ژیـــان نەمانە
ژیانی ئەو دونیات گەر بێ بەهانا

104

ئەمرۆ یان سبەی درەنگ بێ یان زو
دەبــێ هــەر برۆی بەبــێ ئارەزو
با زۆر زەنگین و پایە داریــش بی
ڕێـناگرن لەمەرگ سەرمایەو بازو

105

هەمیشە مردن وا لەبەرچاومە
لێم نابێتەوە هەرئەڵێی ناومە
تەمەن لەنەوەت نزیک بۆتەوە
ئەمەوێ بمرم ژین ئەڵێ ماومە

106

ئەمڕۆ بۆژیان خۆمان جوان ئەکەین
سبەی لەژێر خاک جوان داڕزاوین
چەند قارەمان و پاشاو گەدابین
بەیەک ڕیز لەڕوی مردن بەزاوین

107

کــەس بەدڵی خـۆی ناگات بەئاوات
ئـاواتـــی دڵی بە ئـاودا دەڕوات
تــەمەن لەهــەفتا هەرکە تێپەڕی
چاو و گوێ و هەنگاو هەرسێکی ئەخوات

*** - ***

108

پێم دەڵێن ژیان پێچی مـێزەرە
بگرەو بەردەیەو ئەمسەرو سەرە
نــەزان بەخراپە ئەیپێچێتەوە
ئـاقڵ براوەی چاکەی ئەو بەرە

109

هاتمە ڕوی دونیا بێ بەرگ وپۆشاک
گەورەبووم خەمم بووبەخەمی خاک
خاک بەدامانم بێ خاک مامەوە
خاک هەموی ئەخوا لاو چاک و ناپاک

*** ***

110

نیو سەدەی تەمەن واتێپەڕیوە
ئەشکی منالیم لەچاونەسڕیوە
نەوەکەم ئێستا باوکی منالە
وەک من بۆخەندەی خۆشی هەتیوە

111

خـــێرم نەبینی لەتەمەنی خۆم
بۆ هــیواکانم دەسوتام وەک مۆم
نــەینۆک پێی وتم ژیانت تــەواوە
گۆچان لەدەستەو پشتت بووە کۆم

112

ژیــــان سەرگەرمی ژیــانەوەیە
مــلملانێکان بۆ مـــــانەوەیە
ڕۆژگار بەهەشتی سەرڕوی زەمینــە
ئاکـــامی هــەمووی بڕانەوەیە

113

ڕۆژێک دێت دەم کەن بەژێر خۆڵەوە
بــە پوز و بــازووی خرو خۆڵەوە
ئەشــک مەرێژە بۆ لەدەست دانم
سەرمەنێ بە ڕووی وەک سەهۆڵەوە

114

گەردەلولی مەرگ تەمەنت دەبات
لەچاو ون دەبی هەر کە کاتت هات
ناپرسێت کێ بووی کارت چی بووە
دادوەری حەشر دادگاییت ئەکات

115

هەر ئەبی بڕۆم لەگەڵ بەختی خۆم
باش بێ یان خراپ دانراوە بۆم
چیم دەسەڵاتە ڕۆژگارم تاریێ
گەرچی بسوتێم شەوانە وەک مۆم

116

چاوڕێی مەرگم دەبا گیان کێش بێ
بکێشێ گیانم تا جوانیم ماوە
تەمەن لە حەفتا زیاتر چووە سەر
نەشمرم بۆ خۆم ئەخرێمە لاوە

117

ئاو ئەڕوا چەو.. و زیغ جێ ئەمێنێ
هیچ هاوڕێیەکیش تا سەر نامێنێ
یەک بەدوای یەکدا وەکو ئاو ئەڕۆن
یـــادگاریەکانیان نارۆن ئەمێنێ

*** ***

118

باوکێک سۆزێکی نەبێ بۆ منالی
لەو بەرێز ترە( کەنو) یێکی خالێ
سەنگی بەوێنەی پوشی سەرئاوە
لە هەردوو دنـــیا ئاگرە مالی

119

وا ڕزگارم بــوو لەم دنیــا کۆنە
ئــیتر نــازانم ئــەو دنیام چۆنە
دەشێت بۆ مرۆڤ پشوی زەمان بێت
ژیان بێ ئەو دنیا گولی بێ بـۆنە

120

خوای مەزن پاشای هەردوو جیهانە
کــردارەکانی روون و پـەنــهانـە
هیچ هۆیەک نیە کە نەی پەرستی
هەقــبێژو ژیربە مەگرە بەهانە

121

باوکێک دووبەرە بخاتەوە
یەک بگرێ و یەکێ بکاتەوە
ویژدانێک نییە ئاسودەی کا
لای خوا چۆن وەڵام ئەداتەوە

122

بۆ رائەبووری ژین بە ناخۆشی
ژیان زۆر خۆشە بژی بە خۆشی
خودا جیهانی رازاندۆتەوە
کردویەتییەوە بۆ ئێمە کۆشی

123

ئـەوەی بـاوەڕی بە خودا هـێنا
خـودا بە جوانی ڕێزی خۆی لـێنا
ئـەنیشتاینیش زەررەی دۆزیـیەوە
ناوبانگی دەرکرد بە هەموو شوێنا

۞۞۞ ۞۞۞

124

خودا هۆشێکی بـە ئێـمە داوە
بۆ بەرەوپێشچوون نەک چوونەدواوە
تا ئەمرۆش ئەگەر بێباوەڕ ماوی
ژیانت مۆڵەتی سوژدەی تیا ماوە

125

ئــەوەی لەم دونــیاکە بێبــاوەڕ بوو
لەخۆی بایی بوو چەشنی گا (وڕ) بوو
خــودا خنکاندی لە دەریــای نیلدا
فـــیرعەونی زاڵم چەندە ملهور بوو

*** ***

126

زانــا ئەدیسۆن پــاکی جیهانی
روونــاک کردەوە بە داهـێنانی
هەمیشە دەستی نزای بۆ خوا بوو
خودا بەرزی کرد ناو .. و نیشانی!

127

دایکم هەتا مرد هەر خواپەرست بوو
لە نوێژ و ڕۆژوو زۆر بێدەربەست بوو
زاڵمی ڕۆژگار ئەیهێنا و ئەیبرد
ئەو گەورەبوونی منی مەبەست بوو

128

دایە کوڕەکەت وا گەورە بووە
چەقلە و بە چاوی زاڵما چووە
سوژدەی پەرستن ئەنۆشێ بۆ خوا
داری چاکەکەت بەری گرتووە

129

وەک مــەلێک ئەفرم لەبەر بەیانا
بانگی هەق ئەدەم بە گوێی جیهانا
تا گێتی گــشتی بێدار بێــتەوە
قـــورئان ڕابەرە وا لە مەیدانا

130

پاکیی سوژدە با ژیانم خــۆش ئەبوو
هەر وام ئەزانی عەیش و نـۆش ئەبوو
هەموویم ئەدا بە تاوێک بەهــەشت
ئەو خەوەی ئێستام لەوێ خۆش ئەبوو

131

ئەڕۆم کەشکۆلێک ئەگرمە کۆڵم
ئەڕێژم ئەسرین بۆ ماڵی چۆڵم
کەسی ئیماندار میوانی خوایە
کە مردم ناڵێم مردووی ژێر خۆڵم

**********

132

تو زاتی یەزدان ومرن تا زووە
خۆمان قوتار کەین لەوەی نەبووە
سبەینێ کاتێک جەجاڵ هەڵدەستێ
دوای ئەو بکەوی خوات لەدەست چووە

133

ئــەوانەی لە ڕێی قورئاندا ئەڕوێن
بە چەشنی قورئان خوا خۆشی ئەوێن
قـــورئان کتێبی خوای میهرەبانە
جێگەی لەکوێ بێ قورئانخوێن لەوێن

134

پـــیرۆزتر نییە لە کتێبی خوا
گەر هەیە بیڵێ ناوی چییە کوا؟
تەنها قورئانە کەون و کائینات
هــی هەردوو دنیا لەناویا ڕوا..

135

ڕژا بە ســەرتا سەروەت و سامان
خوات لەیادنەچیٚ ئامان سەد ئامان
بــڕوانە خوار خۆت نەدار ببینە
بە هــەزاران لیٚت هاتوونە رامان !

136

دارســتان بە با لـەنجەو لار ئەکا
دیمــەنی جوانی مرۆڤ هارئـەکا
دلنیام هەموو زیکری خوا ئەکەن
خــوا بەکرداریٚ هەزار کارئەکا !

137

خــوا رزگار کەری ئادەمیزادە
پــەنای پیێبگرن و ملی خەم بادە
پـــایەکانی دین بەجێ بهێنـە
بۆ بەهەشت بڕێ شادبە ئامادە !

138

هەرخواپەرست بە تا گیانت ماوە
مــەڵێ دڵ حەزی لە چاو و ڕاوە
دەریـاچەن هێمن ئەڕوا ناوەستێ
شەپــۆلەکانی توندوو بەتاوە !

139

شـیـتـێـک دەبینی دەڕواو دێتەوە
دەشێت خوا ئەقلی لێ سەندبێتەوە
هەرچی پزیشکە بۆی چارە ناکرێ
خـوا ڕەزای وابێ چاک ئەبێەوە !

140

هـەزاران زیندو لەناو دەریادان
یـەکتری ئەخۆن بەیەکتر بادان
یاسای سروشتە حیکمەتی خوایە
خۆراکن بۆ یەک زیرەک و نادان !

141

ئەمری و ڕائەکشێی لە قەبری چۆڵا
سەنگ و بەرد ئەنرێی ونی لە خۆڵا
کــەس تۆ نابینیٚ خوا چاوی لێتە
ژیـــان کام بارەی داوی بە کۆڵا

142

ڕیٚ ئەگرمە بەر هۆش دێنمەوە سەر
بـــاوەر بە خــوا دەهێنم یەکسەر
خــودا بۆ بەندە خۆشیی پیٚ خۆشە
ژیان بە ناخۆشی قەت نابیٚ مەیسەر

143

باوەڕدار کەسی خودا پەرستە
بێ باوەڕ دڵ ڕەش هەمیشە پەستە
باوەردار ناکا سڵ لە مەرگی خۆی
بێ باوەڕ تەنها ژیانی مەبەستە

144

من لە ڕێی خوادا قورئان ئەخوێنم
لەو ڕێگایەشدا ئەرێژم خوێنم
خوایە بۆ خاتری گەورەیی قورئان
ناو جەرگەی بەهەشت بکەی بە شوێنم

145

قــورئان ئەفەرمویٚ راستە کەوایە
بەهەشت لەژێر پێی دایکەکاندایە
بۆ خـــاتری قورئان ببینم بالاٌم
لەژێر پێی بالاٌی دایکی خۆم دایــە

******

146

تــاوانە بژیم بـــاوەردار نەبم
لەسەرشانی ژیان کۆلیٚ بار ئەبم
خــودا عەقلێکی بە من بەخشیوە
گەر پێی نەزانم زوو پێی هار ئەبم

147

باوەڕ سەرچاوەی پاکیی و راستیە
بێ باوەر هێمای هۆی بێ هەستیە
دڵ و دەروونــت والاّ بێ بۆ خوا
ژیانت رازاوە و دژی پـەستییە

148

چی کێشەی ژیانە لەسەر شانت بێ
بارتـەقای جیهان خەم میوانت بێ
هیچیان ناتوانن رەشبینت بـکـەن
بە ڕاستی بە خوا گەر ئیمانت بێ

149

شەو و ڕۆژ دێن و دەڕۆن نامێنن
مانگ و خۆر بە دوای یەکترا دێنن
مرۆڤ هەر هێندەی دەسەڵات هەیە
بە سەرسامییەوە لێیان رامێنن

150

بە هیوای هیچ نیم تا لە ژیانا بم
گەرچی پێم خۆشە زۆر بەتونا بم
هەرهێندەم دەوێ خوای خۆم بناسم
لە ریزی بەندەی کردار جوانا بم

151

پێم خۆشە هەردەم جوان و بۆن خۆش بم
نــەک مرۆڤێکی بێ هۆش و گۆش بم
دایکی گــشت مرۆڤ دایکە حەوایــە
بۆچـــی ڕەوایە دوژمنی تــۆش بـم

152

لەم سەرزەمینە هەرچی گیاندارە
بـەشی خۆی عەقڵی لەسەرا بارە
چێژی تەمەنی ژیانی هەموویان
زانا و نــەزان و دارا و نــەدارە

153

مـردنیش خۆییـت لێ بخواتەوە
ئەبـێ هەربژیت بەئـاواتەوە
نابێ لەڕەحمی خوا نا ئومێد بـی
هەر خۆی پاداشتی تۆ ئەداتـەوە

154

لەتەمەنی خۆم نەژیاوم بێ کار
هەمیشە لەسەر شانم بووە بار
ئەوەی کەویستم نەهاتە دەستم
رازیم بەرەزای خودای کرد گار

155

هەرچەند هێزم بێ عەبدێکی لاتم
بەرامبەر ڕۆحم بێ دەسەلاتم
خودا کەی ویستی وەری گرێتەوە
یەکسەر مردنێک ئەکا خەلاتم

156

زەوی و ئاسمان و دەریاو دارستان
هەرکامیان بگری پڕی خواردنن
هەمووی بۆ مرۆڤ رازاونەتەوە
مرۆڤەکانیش خواردنی مردنن

157

با هەرچی غەمە بەرەو پیرت بێن
ئامــیزت لێدەن لە دڵتا برۆێن
گەر ئارام گربی ورەت نــەروخێ
هەموو ژیان بۆ تۆ ئەبێتە هەوێن

158

ئەمـــەوێ هەنگاو بۆ خراپە بنێم
چــاکەیەکی باش هاتۆتە سەر ڕێم
دڵــم ئەگۆڕێ بۆ باشــەکەیان
خوا چەن زانایەو چەن خۆشی ئەوێم

159

ئەو هــەموو جوانیەی دروست کردووە

خــوا خــۆی زانـایە بۆوا کــردوە

گــیاندارو بێ گیان هەرچی گەردوونە

پــەی بە نهێنی خــوا نەبردووە...؟

*********

160

قــورئان پێم ئەڵێ لە خراپە لادە

بــۆ خوا پەرستی بــبە ئامادە

بەرگێکی جوان و بۆنخۆش دەپۆشم

ڕوو وەردەگێــرم لە جامی بادە

161

نەڵێی هەر ئەمرم خەفەت بار بی بۆی
چاک بە دڵ خۆش بە خوا ئەتناسێ خۆی
دەشێ سەدەیەک تۆ زیاتر بژی
هەیە دوێنێ هات ئەمرۆ سواربوو رۆی

ـــــــــــ

162

جوان و ناشرین دێنە دەر لەخاک
ترش بێ سوێریێ بێگەردبێ ناپاک
هەمووی بۆ مرۆڤ رازاونەتەوە
بەبێ جیاوازی لە گومراو پیاو چاک

163

مـرۆڤ لە ڕێی خوا ببەخشێتماڵی
کەس پێی نەزانێت خوا دەگرێت باڵی
بــە فیرۆ نــاچێ تــەمەنی ژیانی
نــاگەڕێتەوە بەدەســــت بەتــاڵی

164

مــرۆڤ ماندووە بەدەست ژیانەوە
ئاشتی و شەر دەکا لەڕێی مانەوە
بۆ بڕوا ژیانی بکات بەبەهەشت
کە مردیش نامرێت بە ئیمانــەوە

165

ئەو شەوەی سەیری مانگەشەو ئەکەم
درۆیە بـــڵێم حەز لە خـەو ئەکەم
تا بەیان لەگەڵ جوانی ســـروشتـام
دەســـەڵاتی خوا شەن و کەو ئەکـەم!

*********

166

خودا پێی خۆشە بژیت بە خـۆشی
بە خەندەی لێوان خەم دابـپۆشی
چەند هەوڵ ئەدەی بۆ بژێوی خۆت
بۆ ڕۆژی دوایش وا تێبـــکۆشی!

167

چاکە و خراپە تێکـەڵاو ئـەکەم

بە ڕاست و چەپدا هەر سڵاو ئەکەم

تـــەنها بۆ خودا سوژدە ڕەوایە!

بۆ هەموو سەرێک هەر کڵاو ئەکەم!

168

ئەوەندەی ماوە تەمەنی ژینم

با خزمەتکار بم لە ڕێی ئایینم

زۆرم بـردەسەر ژیان بە تاریکی!

نەک لە گۆڕیشدا تیشکێ نەبینم!

169

هاتویتە سەر ڕێی ئەم ژیانە خۆشە
زیـــکری خوداکە و بخۆ و بنۆشە
ڕۆژێک بێ کار و سوژدە تێ پەڕێ
پیشەی مرۆڤی پەست و نەخۆشــە

*********

170

ئەو کاتەی مەرگ هێرش دێـنێ بۆت
داهــێنانێکت هەبێت پاشی خــۆت
وەک چـــەمێک ئەڕۆی لاناکەیتــەوە
هەر زیندو دەبی و مەرگ ئەکەی کۆت

171

بەدەست خەزانی خەم گۆش کراوم
بەبای بەرەی کۆن نراوە ناوم
بێجگە لە زیکری خودا هەموو کات
هەر تارمایی شەر هاتە بەرچاوم !

172

بە هیوای بەهەشت دەرۆم بەرێوە
لە خەودا دیومە بەهەشت بە شێوە
هەر لەو رێیەشدا سەرم دائەنێم
خۆزگە دیباتان خەوی وا ئێوە .. !

173

ڕۆژێک دێت ڕۆحم دەفرێت بۆ ئاسمان
لەناو جیهانی بەرزەخدا دەژیم
هەتا ئەو ڕۆژە با چاکەکار بم
نەک پەشیمان بم لەو ژیانەی کە دیم

*********

174

خاک بەسەر خێرا هۆش بکەرەوە
ئەوا مردن هات خۆت کۆ کەرەوە
تەمەنت زیاتر لە هەشتا ساڵە
تاکەی خوماری بە پۆکەرەوە..

175

هەندێک دۆشەک و پشتی پارەیە
هـەندێک بۆ پارە پارە پـارەیە
تاقی کردنەوەی خوایە بۆ مرۆڤ
کـام چاوە چاوی لەو نەدارەیە!

176

هەمووومان بەندەین لە ڕێی خودادا
وەک گوڵ ڕازاوەین لە شـنەی بادا
کەسێک ناشیرین ئـەبێت لای خودا
خراپەکار بێ بە هەر چـوار لادا

177

هەزاران ساڵە ژیان بەرێوەیە
یەزدان سەروەری من و ئێوەیە
سەدان جار نەخشەی سروشتی گۆڕی
تا ئێمەی خستە سەرئەم شێوەیە!

178

کەمێک هەناسەی پرخەم بە تاڵ کەم
پڕ ژەمێک خۆشی و خەندە لە ماڵ کەم
بە نزا و سوژدە دەرون بشۆرم
ڕوو لە مەعبەدی قەدر و ئیقبال کەم

179

لە هــەردوو دونیا خواپـەرست ئەبم
لەسەر ڕێی باوەڕ گوێ لە مست ئەبم
ڕۆژێک یــادی خوام لە یاد نەمێنێ
مرۆڤێــــکی زۆر دەروون سست ئەبم

180

بــە تاوان جەرگ و دڵ مەسوتێنـە
لەسەر چاکە و سۆز خۆت رابـهێنـە
بەو بـەشەی کە خوا بۆ تۆی داناوە
قانع بە و سۆزی خوا بەدەست بێنـە

181

مـەنازە بلێ کە من نوێژخوێنم

تـاوانم نییە پـاکە هەوێنم

گەر سوژدەکانت لای خوا نەگیرێن

بـگری هاوارکە قور بە داوێنم

*********

182

خـودا خالقە بۆ هەموو بەشەڕ

ژینیان پێئەدا بە خێر نەک بە شەڕ

دەست بە دوعا بە خوا چاوی لێتە

تـەمەن نەتکاتە پیری ئاخر شەڕ

183

دونیا پڕێتی له خۆشی و شادی

گـــریان پڕیەتی له نامورادی

خێر و شــەر بەرەی خۆیان جیایه

هەر بۆ خێرەکەت گەردن ئازادی

184

زەردەشت ئەفەرموێ مرۆڤ کە پاک بێ

بــا بیرو وتەو کـــرداری چاک بێ

خــوداوەند ئەقــلی داوە بە مرۆڤ

بــۆ چاکە بـژی و بمرێ و بێباک بێ

185

گەلێک جار هەمووی خەیاڵە ئیشم
لە تەنیشت تەرمی خۆم دائەنیشم
گــــەنجێکی جوانم لەناو تابووتا
دێمەوە هۆش خۆم سپی بووە ریشم

۩۩۩۩۩۩۩۩۩

186

شەوێک نەبینم خەوێک پێــــتەوە
ڕۆژم دۆزەخــــە تـــا شەو دێـتەوە
ئەو بەهەشتەی تۆکە پێم ئەبەخشی
پـــاداشتی خوایە قەت نابڕێتـەوە

187

خوا ئەقلی دایتیٚ بۆ ئەوەی ژیر بی
نەک هەر خەریکی شمشیٚر و تیر بی
خـویٚنی مرۆڤیٚک بە ناهەق رشتن
ئەتکا بە قوتی ئاگر چەند پـیر بی

*********

188

پـاداشتی خـودا بۆ چاکەکارە
چـاکەکار پلەی بەرز و دیارە
تاوانکار لای خوا بیٚ پـلە و ریٚزە
ناوجەرگەی دۆزەخ بۆ ئەو لەبـارە

189

**خوا بەندەی دوو ڕوو و درۆزنی ناوێ**

**نوێژ بکا و خەڵکیش بخاتە داوێ**

**فێڵی لێناکرێ خودا زانایە**

**خواپەرست دوورە لە چاو و ڕاوێ**

190

**تەقوای خوا بکە قەت نەرمنجێ لێت**

**ئیمانت پاک بێ بەهەشت ئەدا پێت**

**نەک وەکو کەسێک کە بێ باوەڕ بێت**

**هەر کە مرد یەکسەر دۆزەخ ببێ جێت**

191

ئـــاییینی ئاســـمانی زۆر بێ هـاوتایە
یـەکـەیـەکـەیـان ئـایـینی خوایە
شوێنکەوتووانیشیان هەموو بەندەی خوان
بـیر و بـــاوەڕی خـــواپـەرست وایە

192

خودا لە بەندەی خۆی بە ئاگایە
بێ ئاگا لە خوا خۆی بێ بروایە
برِوادار ترســی لە یـەزدان زۆرە
بێ بڕوا تـرســـی بە بیردا نایە

193

هەوڵ بدە خۆت پەرێشان مــەکــە
رێچکەی خراپە دەستنیشان مــەکە
رێگەی راست بگرەو سەرقاڵی کار بە
خۆت بە هاوەڵی بێ ئیشان مــەکــە

194

هەموو ریش پانێک خوا پەرست نابێ
بــا لە رووکــەشدا ریشی دانابێ
گــەر بە کردار و وتــە و بیری چاک
نــەژی بــۆ یــەزدان هەتاکو مابێ

195

بۆ خوای خۆم دەبەم سوژدەی پەرستن

نــیازم دەرئەخەم بۆ پەیمان بەستن

ڕێچکەکەی ئیمان ئەگرمە بەر خۆم

ناچمە سەر هەستی ئەوانەی مەستن

196

تەنها خوا ئاگای لە ناو دڵمـــانە

نهێنییەکەی خوا مردن و مـــانە

چۆن ئەژی و ئەمری تۆ هیچ نـازانی

تەقەی دێ سەرت لە گشت ئەمانە

197

تەمەنی جوانیم هێندەی نەمـاوە
لە بەرامبەرما پیری وەسـتاوە
لاو بم یاخود پیر خودام خۆش بوێ
خـوا پاداشتی خۆی بۆ من داناوە

198

بۆ فەرمانی خوا گوێ لە مست ئەبم
لە کاری دیندا زۆر بە هەست ئەبم
وا نـەبم تاوان ئەدەم بە کـۆڵما
گوناهبارێکی پەست و سست ئەبم

199

چی ڕوح لەبەری ناو بوونەوەرە
هەموویان ناوی خوایان لەبەرە
بۆ گیانەکانیش زمانیان بووایە
هاواریان دەکرد خودا سەروەرە

200

وەرە پێش ئەوەی بچیە گۆڕەوە
نەک وێنەی ماسی بچیە تۆڕەوە
هزر بخە کار تۆ لە کردگار
ئەو دونیات بەمرۆی خۆت مەگۆڕەوە

201

## بـــۆخـــــودا

کـــۆتریێکم پەڕ سوتاوی ڕێگەکەی ڕێی سەروەرم
تاجی عەشقی دینی خواوەند چۆتە سەر تەوقی سەرم
هــەر کەسێک ویستی لە ڕێگای خواپەرستی لام بدا
ئەم دڵەم بەدنــاوی دونیا زوو بە ڕووی ئەودا ئەدا
من کە قـــورئان ڕابەرم بێ چۆن نەلەرزێ دوژمنم
من موحەممەد پێـــشەوامە ڕاست و ڕوونە مــردنم
خـوا لە قورئانا دەفەرموێ یەک گرن لێک جیا مەبن
دیـنەکەی خوا بەر مەدەن خۆشتان بوێ تا کو هەبن
نیـــشتیمان نامۆ مەکەن با پایەدامەزراو بێ ژین
گـــەر لەسەر خاکت بکوژرێی تۆ شەهیدی بە یەقین
بۆ تەماحی ژینی ڕۆژگار قەت مەکە دۆزەخ بە جێـت
کــێ کە کۆچی کرد لە دونیا دی کەفن گیرفانی بێت

1987 سلێمانی

202

لە پــــەرستگادا خەڵوەت ئەکێشم

هــەر نزا ئەکەم بۆ گەل و خوێشم

خــۆم بەرەو بەهەشت ئامادە ئەکەم

سەدان کۆسپی خەم گەر بێنە پێشم

*********

203

من پــــردی مرۆڤی چاکم

لە خــراپەکــار بێ باکم

بەردی سەر دڵی ئەو کەسەم

نەیــار بێ بە خودا و خــاکم

204

**خێرم نەبینی لە تـەمەنی خۆم**

**بۆ هیواکانم دەسـوتام وەک مۆم**

**دەردی بێ دەوا ڕێـگەی پێ گرتم**

**بوو بە دەستمایەی ماڵاوایی بۆم**

205

٧

## تیشکی ئاڵتون

شـــاکاری خــوایە ئاسۆ دەبینم
چـــاوەڕێی ڕۆژە لە کەل بێـتە دەر
جیـهان بە چەپکە گڕی تیشکی خۆر
وەک لافــاوی نوح بشۆرێت یەکسەر
ئەم تیشکی گــڕە هەمووی ئاڵتونە
بێ بڕواین ئەگـــەر لێی تەوەلا بین
بە فەرمـانی خوا دێ و ئاوا دەبێـت
هــەتا دێتـەوە ئــەشێت نەمابین
بــۆیە ئەو دەمــەی کە خۆر نشینە
ڕوانینــەکانم هــەر لەســەریەتی
ســپێدەش کـاتێک چاوەڕێی دەکەین
بۆ هەڵــهاتنەوەی دونیا خەمیەتی

206

# ئاکامی ژیان

هــەر چۆنێک بژیت لەم جیهانەدا
شاد بی یان خەمبار وەکو ڕۆژ ڕوونە
ســۆفی وزاهید بی یان خراپەکار
گــەدا بی یاخــود ناوت قارونە
دەستــی درێژی مـەرگ دەتگاتێ
نالێ زەنــگینە یان هەر زەبوونە
کاتت کۆتا دێ و نۆرەت دێتە سەر
وەک تیا نەبووبی لەم هاتوچــوونە
دەبێت بەشدار بیت لەم سەفـەرەدا
سەرئەنجامەکەت هەر فەنا بــوونە
بێ بەرگ و نان و بە گریان هاتــین
(وەیل) بۆ ئەو کەسەی کاری نارِوونە



# شاعیرلەچەنددێڕێکدا

*ناوی تەواوی ئەبوبەکر ئەحمەد قادر عەلی، ساڵی 1961 لەهێرۆی پشدەر لەدایکبووە، ناونیشانی ئەدەبی (بەکر پشدەری) یە.

-دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی و خولی خێرای پەیمانگای نەوتی لەشارەکانی کەرکوك و بەغداو بەسرە خوێندووە، لەبەرهۆکاری سیاسی نەیتوانیوە دبلۆم وەربگرێت.

-ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردەو ئێستا ئەنداڵی یەدەگی دەستەی کارگێڕی یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی سلێمانییە.

-لەرۆژنامەی راستی و بەرگریی و هەولێر کاری کردووەو ماوەیەك جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (رەند) بووە.

-خاوەنی خەلاّتی ئالّتوونی فیستیڤالّی هەژاری شاعیرە.

-خاوەنی خەلاّتی ریّزلیّنانی گرووپی هەناسەکانی نیشتیمان و سەنتەری رۆشنبیری قەلاّدزیّیە.

-خاوەنی خەلاّتی زانکۆی راپەرینە.

-خاوەنی خەلاّتی کۆمەلّەی کەلەپوور- کۆمیتەی پشتگیری لەگەلی کورد-رۆژنامەی راستی-رۆژنامەی بەرگری-بزافی رۆشنبیری سلیّمانی و زۆر شویّنی تر.

-تائیستا 5 جار پیّشانگای تایبەت بەشیعرەکانی نمایشکراون لەشارەکانی سلیّمانی و هەولیّرو قەلاّدزیّ.

-تائیستا 43 شیعری کراون بەگۆرانی لەلایەن هونەرمەندان(کەمال محەمەد-جیهان ئیبراهیم خەیات-کیژان ئیبراهیم خەیات-زاهیر جەلال-کاروان نوری-تاریق زیاد-میدیا کەمال-بیّخالْ جەودەت-چنار- جەلال شەمیّرانی ....... هتد).

-خاوەنی چەند بەرهەمیّکە لەوانە:

1. قەسیدەی فریشتەیەك لەتاریکیدا.
2. ئەلبوومی شیعری بەناوی زایەلّەی ئازادی- رابوون بەرەو خۆر- ژوانگەی چاو.


3. **کتێبی جیهانی وێژە، لیکۆڵینەوەیە لەسەر شیعرەکانی پەنجا شاعیری کورد.**
4. **کتێبی دەنگەکان.**
5. **کەرکوك.**
6. **زێڕوگڕ.**
7. **گۆرانییەکانی شاعیرێك.**
8. **کەبێدەنگی دادەگیرسێت.**
9. **ئالآ.**
10. **کۆی چوارینەکان.**
11. **رازی ئاوازەکان.**
12. **ورچی پەڕۆ.**
13. **بەهەشتی عەشق.**

**هەروەها دەیان بابەتی شیعری و ئەدەبی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بلاْوکردۆتەوە.**

**-بەشاعیری عەشق و نیشتیمان و نەتەوە ناسراوە، تائیستا بەردەوامە لەنووسین و چەند کتێبێکیشی ئامادەیە بۆچاپ.**



نرخی تەنها 1500 دینارە



دارستان بە با لەنجەو لار ئەکا
دیمەنی جوانی مرۆڤ هار ئەکا
دڵنیام هەموو زیکری خوا ئەکەن
خوا بەکرداریّ هەزار کار ئەکا!